هەوڵکی بەقاچاخبردنی بڕی 110 هەزار تەن ماددەی کبریتی لەگەڵ بەندەری ئومقەسری بەسرەوە پوچەڵکرایەوە

دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی عێراق، هەوڵکی بەقاچاخبردنی بڕی 110 هەزار تەن ماددەی کبریتی لەگەڵ بەندەری ئومقەسری بەسرەوە پوچەڵکردەوە و 15 تەمەتباریش دەستگیرکران.

دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی عێراق لە ڕاگەیەندراوەکدا ئاشکرایکردووە، دوای گەیشتنی زانیاریی هەواڵگریی ورد لەبارەی هەوڵی بە قاچاخبردنی بڕێکی زۆری ماددەی کبریت بە دەرەوەی عێراق، دەستبەجێ مەفرەزەکانیان لە بەسرە، گەیشتوونەتە بەندەری ئومقەسر و بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی دەروازە سنووریەکان و هێزی دەریایی، دەستگیرا بەسەر کەشتیەکدا کە 10 هەزار تەن کبریتی تێدابووە و ئامادەکرابوو بە بەقاچاخبردنی، دواتریش لە کەمپانیای تەوگلاو لە پرسی بە قاچاخبردنەکە، دەستگیرا بەسەر 16 بارهەڵگر کبریت کە بەرەگاوبوون بەرەو بەندەری ئومقەسر .

دەزگای ئاسایشی نیشتمانی ڕاشیگەیاندووە، لە کاتی پشکنینی کۆگاکانی کەمپانیاکە 100 هەزار تەنی دیکە لە ماددەی کبریت دەستی بەسەرداگیرا، کەی گشتی بڕی دەستبەسەرداگیراو گەیشتە 110 هەزار تەن، لە پرسەکەشدا 15 تەمەتبار دەستگیرکران و دەرکەوت هیچ بڕگەنامەیەکی ڕێگەپێدانی فەرمییان نەبووە

بە بردنەدەرەوەی مادەکە.